بەڕێزان کاتی خۆی لە مانگی یەکی ئەمساڵدا ئەم مەسەلەیەمان خستە بەردەست لایەنە پەیوەندی دارەکان، لەبەر گرنگی مەسەلەکە وا جارێکی تر دەیخەینەوە بەردەست، تکایە ئەگەر تۆش بەپەسەندی دەزانیت لە خوارەوەی ئەم لاپەڕەیە ناوی سیانی و پیشە و ئیمایلی خۆت بنووسە بۆ پشتگیری کردن....کوردستان نێت

# کەرکووك کرۆکی مەسەلەی کوردستانە

وا جارێکی دیکەیش دیپلۆماسییەتی کوردی ڕووبەڕووی ئەزموونی سەختی گفتوگۆ و بەرگری لە مافەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەی دەبێتەوە. خوێندنەوەیەکی ساکاری مێژوو ئەوەمان پێشان دەدات کە کورد هێندەی لە بەرگری و بەرهەڵستی و شەڕی ڕزگاریخوازانەدا پاڵەوان و گیانباز و فیداکار بووە، لە هونەری گفتوگۆدا کەمتر سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. گفتوگۆ و دانوستاندنی ئەم جارە لەگەڵ سەرتاسەری مێژووی کورددا لە دوو ڕووەوە جیاوازە: (یەک) : ئەگەرچی بە ڕواڵەت مەسەلەی هەرە گەرم مافی گەلی کوردستانی باشوور (عێراق) ە، بەڵام هەموو سەرکەوتن و شکانێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لەو بەشەدا ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر پاشەڕۆژی سەرتاسەری نەتەوەی کورد؛ (دوو) : سەروکاری گفتوگۆکردن تەنیا لەگەڵ یەک لایەندا نییە، بەڵکە دیپلۆماسییەتی کوردی لە چوارچێوەی نەخشەیەکی سیاسیدا دەجووڵێتەوە کە لایەنەکانی دیکەی زلهێزێکی وەک ئەمەریکا، یەکێتیی ئەورووپا، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، جیهانی عەرەبی و ئیسلامین. ئەم ڕاستییانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بچووکترین هەڵەی سیاسی لەوەیە ببێتە هۆی کارەساتی هێندە گەورە کە کارکردی لەسەر کورد و نیشتیمانەکەی هەتا هەتایە بمێنێتەوە. هەروەهایش هەموو سەرکەوتنێک دەبێتە سەرەتایەک بۆ سەردەمی سەربەخۆیی و ئازادی لە مێژووی کوردستاندا.

لە کۆنگرەی لەندەنی ناوەڕاستی دوا مانگی ساڵی ڕابوردوودا یەکدەنگیی کورد نیشانەیەکی باشی گەشەکردنی دیپلۆماسییەتی کوردی بوو. لە بارەی ئەنجامەکەی کۆنگرەوە، هێندەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، دەکرێ زۆر شتی جیاواز بگوترێ. ئێمە لێرەدا خۆمان بە نرخاندنێکی وەهاوە خەریک ناکەین، ئەگەرچی بۆچوونی خۆیشمان هەیە و پێمان وایە مەسەلەکانی فێدێرالیزم و سنووری کوردستانیش بە ناڕوونی ماونەتەوە، بەڵکە تەنیا یەک باس دەهێنینە پێشەوە و جەختی لەسەر دەکەین و زۆریش بە لامانەوە گرنگە سەرکردەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە وریایی و بە هەستی بەرپرسیارییەوە ڕووبەڕووی ببنەوە: **مەسەلەی کەرکووک.** هاوکات دەمانەوێت ئەوەیش جەخت بکەین هەرچییەک لە بارەی کوردبوونی کەرکووکەوە دەڵێین و دەنووسین، ناوچەکانی خانەقین، شەنگار، مەندەلی و بەدرەیش دەگرێتەوە.

لەم کورتە نووسینەدا ئێمە بە تەمای ئەوە نین لە پاشخانی مێژوویی و جیۆگرافی و سیاسی و کارگێڕیی کەرکووک بکۆڵینەوە، نیازیشمان نییە گرنگی و بایەخی کەرکووک لە ڕووی نەتەوایەتی و ئابووری و سیاسییەوە شی بکەینەوە. ئەمانە دەبێ کۆمەڵە ڕاستییەک بن نەک هەر سیاسەتمەداری کورد، بەڵکە هەموو کوردێکی هۆشیار و نیشتیمانپەروەریش تێیان گەیشتبێت. داواکاریی ئێمە ئەوەیە کە نوێنەرانی گەلی کورد لە هەموو ڕێکەوتننامە و بەڵگەنامەکاندا ئەم سێ خاڵەی خوارەوە بە ڕوونی بچەسپێنن و نابێ هێندەی سەرەدەرزییەک سازشیان لەسەر بکرێت:

- کەرکووک شارێکی کوردییە،
- کەرکووک بەشێکی جیانەکراوەی سیاسی و جیۆگرافی و کارگێڕییە لە کوردستانی عێراق،
- کەرکووک پێتەختی کوردستانی عێراقە.

هیچ یەکێک لەم خاڵانە لەگەڵ ئەو ڕاستی و خواستەدا ناکۆک نییە کە کەرکووک دەبێ شاری برایەتی، دۆستایەتی، هاودەردی و هاوکاریی گەل و نەتەوە و ئایین و فەرهەنگی جۆربەجۆر بێت. ئەم داواکارییە سادەترین شێوەی دەربڕینێکە کە لەگەڵ پاشخانی مێژوویی و سیاسیی کەرکووکدا هاوئاهەنگ بێت. دەبێ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و نوێنەرانی دیپلۆماسییەتی کوردی چاک لەو ڕاستییە حاڵی ببن و لایان ڕوون

**بێت کە بچووکترین سازش لەسەر پاشەڕۆژی کەرکووک ئەنجامەکەی لەوانەیە ئەوە بێت کە خەڵکی دیکە، شێوەی دیکەی کار و خەبات هەڵبژێرن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پارێزگاریی کوردبوونی کەرکووک. دۆڕاندنی کەرکووک واتە دۆڕاندنی هەموو دۆزی نەتەوەی کورد.**

. . .

**فەرهاد شاکەلی، فەهمی کاکەیی، مەهاباد قەرەداغی، ئەمجەد شاکەلی، د. جەبار قادر، حەکیم کاکەوەیس، د. یووسف زەنگەنە، کەنعان مەدحەت، عەونی داوودی، قەیس قەرەداغی، بەکر شوانی، مستەفا گەرمیانی، سیروان ڕەحیم، نەجمەدین مەلا نووری، عەبدولڕەحمان زەنگەنە، پۆلای شێخ مارف بەرزنجی، هاشم کۆچانی، فایەق سەعید، عەدنان کەریم، حوسێن حەمەنوور، جەبار ئاسۆ، عەبدولحەکیم نەدیم، حەسەن حەمەنوور، کەریم پەرەنگ، ئەحمەدی مەلا، عەباس حاجی غەفوور، سیروان کاوانی، عومەر فارس عەزیز.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت